کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
9-5-2007 13:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆبونەوەی ناڕازی دژ بە بەردبارانکردنی دووعا لە ستۆکهۆڵم







ئەبێ
کار بۆ ئەوە بکرێ کۆمەڵگایەکی کراوەو یەکسان دروستکەین وێنەو ئامادەکردنی بەیان ناسیح بەڕێوەبەرانی ڕادیۆی دەنگی ژنان لە ستۆکهۆڵم لە سوید لە ئێوارەی دووشەممەی 7 ی مەی دا هاودەم لەگەڵ شەپۆلی دەنگی ناڕازی لە کوردستان و وولاتانی تری ئەوروپا لە دژی بەردبارانکردنی دوعا کۆبەنەوەیەکی ڕێک خست. ئەم بەڕێزانەش لە پانێلەکەدا بەشدارییان کرد.
ریواس ئەحمەد، چومان هە ردی، روناک شوانی، ئە حمەد ئە سکە ندری لەگەڵ بە رێوە بە رانی رادیوی دە نگی ژنان.
کۆڕەکە بە دوودەقە وەستان بۆ گیانی دووعا دەستی پێکرد پاشان ڕووناک شوانی پەخشانێکی خوێندەوە.
ئامادەبووان و بەشداربووان لە چەندین چەمکی جیاوازەوە باسیان لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی کوشتنی ژنان کرد لە کوردستان.
پشتیوانی لەوەش کرا کە ڕۆژی 7 نیسان ببێتە ڕۆژێکی بە ڕەسمی ناسراوی دژ بە کوشتنی ژنان و توندو تیژی لە بەرامبەریان لە کوردستان. خاڵیکی تر ئەوەبوو کە هەرگیز ڕێگە نەدرێ لە خاچدانی دووعا بکرێتە کێشەیەکی ئایینی و نەتەوایەتی وەک جۆن هەندێ لە مەلاکانی مزگەوت لەکوردستان بەو جۆرە باسی لێوە ئەکەن.
لە کاتێکدا کوشتن بەناوی ناموسەوە بەردەوامە لە کوردستان کەسانێکی زۆر تووڕەن لە بێدەنگی دەسەلاتی سیاسی لەبەرامبەر ئەو هەموو تاوانانەی بە نهێنی وبە بێدەنگی ئەکرێ دژ بە نیوەی کەسەکانی کۆمەڵ، بە ڕووداوی هەنجن هەنجن کردنی دووعاش کۆتایی نایە. چەندین پێشنیاریش کرا لە لایەن ئامادەبووانەوە بۆ ئەوەی چی بکرێ بۆ پێشگرتنی کوشتنی ژنان و توندوتیژی لەبەرامبەریان؟
هەندێ لەوانە ئەمانە بوون
دەسەلاتی هۆزو خێلەکان لەناو کۆمەڵدا ئەبێ سنووری بۆ دابنرێ و پێشی پێ بگیرێ.
حکومەتی کوردستان ئەرکی گۆڕینی یاساو پەروەردەی لەسەرە بۆ بلاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەلایەتی.
ڕۆشبیرەکانی کوردستان و تەلەفزیۆنەکان ئەبێ ڕۆلی خۆیان هەبێ لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەلایەتیدا.
ڕێخراوەکانی ژنان کە ژمارەیان لە زیادبووندایە ئەبێ هەلۆیست وەرگرن و لە ڕوانگەی ژنانەوە کار بکەن نەک لە ڕوانگەی ئەو حیزبانەی پشتگیرییان ئەکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمڕۆ کاروانێ بە ڕێوەیە لە ژنانیکی زۆرو پیاوانێکی یەکسانیخواز کە بەهیچ جۆرێ بێدەنگ نابن و بیدەنگ ناکرێن بۆ لە بنەبڕکردنی ئەو تاوانانەی لەژێر ناوی پاراستنی شەرەفی خێزان ئەکرێ بەرامبەر بە ژن.

کۆڕەکە بەوە کۆتایی هات کە بەشداربووانی پانیلەکە نامەیەک بنووسن بۆ پەرلەمان و حکومەری کوردستان بە باوی کۆڕەکەوە.

bayannasih@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.